# پرۆژەی هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە 3ی ساڵی 2006

# یاسای بەرەنگاربونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) لە هەرێمی کوردستان – عێراق

## ماددەی یەکەم :

ماددەی یەکەمی یاساکە هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە :

کردەوەی تیرۆر هەموو بەکارهێنانێکی هێزە یان توندوتیژی یان هەڕەشە پێکردن یان تۆقاندنی سازدراوە لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان , بەمەبەستی هێنانە کایەی گۆڕینی سیاسی , کەسێك یان چەند کەسێك پێی هەڵدەستن و کەس یان کۆمەڵەکەسێك دەکەنە ئامانج و تیایدا زیان بە سیستەمی گشتی و سەلامەتی کۆمەڵگا و ئاسایش و بەرژەوەندیەکانی دەگەیەنن ,

یاخود ژیان و ئازادی و مافی گشتی , یان تایبەتیەکانیان کە لە یاسا بەرکارەکاندا دەق نوس کراون دەخەنە مەترسیەوە , یاخود زیان گەیاندن بە یەکێتی خاکی هەرێم یان ئاسایشی نیشتیمانی یان بە موڵك وماڵی گشتی و تایبەت یان نوێنەرایەتی وڵاتان , یان زیان گەیاندن بە ژینگە و سەرچاوە سروشتیەکان , بەشێوەی کردەیی, لەلایەن کەس و گروپەوە بیت یان لەلایەن دامەزراوە فەرمیەکانەوە .

## ماددەی دووەم :

ماددەی دوەمی یاساکە هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە :

ئەم کردەوانەی خوارەوە بە تاوانی تیرۆرکاری دادەنرێن و سزاکەشیان لەناوبردن یان بەند کردنی هەتاهەتایی دەبێت :

1. ئیلغا دەکرێت( هەڵدەوەشێتەوە ) .

7. ئیلغا دەکرێت (هەڵدەوەشێتەوە ) .

8. ئیلغا دەکرێت(هەڵدەوەشێتەوە).

ئەم بڕگانە بۆ ماددەکە زیاد دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە :

9. ئەگەر تاوان لێکراو کوردێکی دانیشتوی دەرەوەی هەرێم بوو .

10. تاوانبار بە پەرت کردنی یەکێتی خاکی هەرێمی کوردستان .

## ماددەی سێیەم :

ماددەی سێیەمی یاساکە هەموار دەکرێتەوە وبەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

1. دەستەواژەی (بەشێك)لادەبرێت.

5. ئیلغا دەکرێت.

## ماددەی چوارەم:

ماددەی چوارەمی یاساکە هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە :

2. ئیلغا دەکرێت .
3. ئیلغا دەکرێت .
4. دەستەواژەی ( بە پاڵنەری کاری تیرۆر و لە چوارچێوەی یاسای ڕۆژنامەنوسی و مافی ڕا دەربڕین دەربچێت ) بۆ کۆتایی بڕگەکە زیاد دەکرێت .
6. ئیلغا دەکرێت .

## ماددەی پێنجەم :

ماددەی پێنجەمی یاساکە هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە :

هەرکەسێك دەست بکات بە تاوانێك کە لە ئەحکامەکانی ئەم یاسایەدا هاتون , هەمان سزای تەواوکەری تاوانەکەی هەیە .

## ماددەی شەشەم :

ماددەی شەشەمی یاساکە هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە :

نابێت ئەو کەسەی بەتاوانی تیرۆر تۆمەتبار دەکرێت بە بارمتە ئازاد بکرێت , تا دەرچونی بڕیاری یەکلایی کەرەوە لە داواکەیدا .

## ماددەی حەوتەم :

دەستەواژەی ( کە یاسای پاراستنی شاهید و هەواڵدەر و تاوان لێکراوی فیدڕاڵی بەرکار لە هەرێمی کوردستان ژمارە 58 ی ساڵی 2017 دەیان گرێتەوە ) بۆ کۆتایی ماددەی حەفتەم زیاد دەکرێت .

## ماددەی هەشتەم :

دەستەواژەی ( هاندەر ) و (ڕێکخراو) لە ماددەی دەیەم لادەدرێت .

## ماددەی نۆیەم :

دەستەواژەی (کەس) لە ماددەی یازدەهەم لادەدرێت .

## ماددەی دەیەم :

ماددەی سیازدەهەمی یاساکە هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە :

1- ئەوەی بەپێی ئەم یاسایە تاوانبارە , مافی خۆیەتی ڕەفتارێکی یاسایی و دادپەروەرانەی لەگەڵدا بکرێت لە گشت قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە و دادگایی کردندا , بەدابین کردنی پارێزەریشەوە بۆ داکۆکی لێکردنی .

2- نابێ شێوازی ئازاردانی دەرونی و جەستەیی یان ڕەفتاری نامرۆڤانە لەگەڵ تۆمەتباردا بکرێت.

3- تۆمەتباری زیان لیکەوتوو بە زیانی بەرجەستەی قەبە یان نا قەبە یان دەرونی , بۆی هەیە سکاڵا دژی لێکۆڵەران و دەزگاکەش تۆمار بکات .